پڕۆژەنامەی

ڕاپەڕین

ناساندن و بیبلیۆگرافیا



ئامادەکردنی

ئیدریس سیوەیلی - ئاوێنە کەریم

Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

ڕۆژنامەی ڕاپەڕین

ناساندن و بیبلیۆگرافیا

- لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هزریی و ڕۆشنبیری خاڵ ژمارە (٤١)
- ساڵی دەرچوون: ١٩٩٧-١٩٩٩
- ئامادەکردن: ئیدریس سیوەیلی - توفیق کەریم
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- تایپ و هەڵەگری: وریا عەلی
- پێوانەی لاپەڕە: A3
- تیراژ ٥٠٠ دانە
- چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٢١. کوردستان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٨٦٠)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ (ناوەندی هزریی و ڕۆشنبیری خاڵ) پارێزراوە.

سوپاس و پێزانین

لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا کۆمەڵێک دۆست و دەزگا هاوکار و پشتیوانمان بوون، جێگای خۆیەتی پێزانین و سوپاسی خۆمانیان بۆ دەربڕین بە تایبەت:

- ئەو بەڕێزانەی لە ئەرشیفەکانیان سوودمەند بووین بۆ دابینکردنی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەکە.
- ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنێت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و بنکەی ژین کە سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەکەیان بۆ سکان کردین.
- ستافی پێشووی ڕۆژنامەی ڕاپەڕین و هەندێک لە نووسەرکانی کە زانیاری زۆرمان لەسەر ڕۆژنامە لێوەرگرتن.
- ئەو بەڕێزانەی هاوکاری مادیان کرد بۆ چاپکردنی ئەم بەرهەمە.

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

بە ناوی خودای بەرزی بێ هاوتا

پێشەکی

ئەرشیفکردن و پاراستنی نووسین و چاپەمەنییەکان چەندە گرنگن، سەرلەنوێ چاپکردنەوە و بلاوکردنەوەیان گرنگتر و بایەخدارترە، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە لە فەوتان بپارێزرێن، لەلایەکی دیکەوە ببنە سەرچاوەیەکی زانستی مێژوویی و دەوڵەمەندکردنی سامانی مەعریفیمان، لەو سۆنگەوە ئێمە هەستاین بە ئامادەکردن و چاپکردنەوەی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی ڕاپەڕین، کە هەم لە تیاچوون دەپارێزرێن و هەم دەبنە کەرەستەیەکی باشی سەرچاوەی مێژوو و توێژینەوە.

جا بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز بەرچاوی ڕۆشنبێت و سوودمەند بێت لەم بەرهەمە، ئێمە دوو کارمان کردووە، یەکەم: نووسینی پوختەیەکە دەربارەی ڕۆژنامەکە، کە باسکردنی ڕیشەی مێژوویی، خاوەندارێتی، هۆی دەرچوونی، شێوە و قەبارە و ژمارە و ماوەی دەرچوونی و هەر زانیارییەکی تری پێویست دەربارەی ڕۆژنامەکە.

دووەم: دروستکردنی بیبلیۆگرافیا بۆ ڕۆژنامەکە بە دوو شێوە، یەکێکیان بیبلیۆگرافیای نووسەران کە سەرجەم ئەو نووسەرانەی بابەتیان لە ڕۆژنامەکەدا نووسیوە لەم بیبلیۆگرافیایەدا یاداشت کراون، شێوەی دووەم بیبلیۆگرافیا بەپێی بابەتەکان کە خوێنەر هەر بابەتێکی وێست بە گەڕانێکی کەم دەیدۆزێتەوە و هەردووکیشیان بەپێی پیتەکان ڕێزکراون.

بۆ زیادە ئاسانکاریش ڕوونکردنەوەیەکی (١٠) خاڵیمان نووسیوە، تا خوێنەری بەڕێز لە هەردوو شێوە بیبلیۆگرافیاکە تێبگات و بەرچاوڕۆشن بێت.

ماوەتەوە بڵێین: خۆزگە هەموو ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان کۆ دەکرانەوە و لە چاپ دەدران، کە بێگومان ئەمە دەبووە خزمەتێکی گەورەی مێژوو و فەرهەنگی گەلەکەمان، ئەم هەنگاوەی ئێمەش بەشێکە لە بەدیهێنانی ئەو ئاواتەخوازیی و خولیایە.

ئامادەکاران

٢٠٢١/٧/٩

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library